هەواڵگریی عێراق لە ڕێگەی هەوڵەکانی سنور بەزاندن توانی تێکی گەورەی دارایی داعش دەستگیر بکات



دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی عێراق ئەمڕۆ دوشەممە، دەستگیرکردنی تێکی گەورەی دارایی داعشی ڕاگەیاند و جەختیکردەوە، تێهەکە بەنیازبو هێرشی تیرۆریستی ئەنجامبدات و وڵاتانی ئەوروپی و بەرژەوەندییەکانی عێراق لە دەرەوەی وڵات بکاتە ئامانج.

دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی لەڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، هێزەکانی هەواڵگری نیشتمانی، لە ڕێگەی هەوڵەکانی سنور بەزاندن و بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، توانی تێکی گەورەی دارایی داعش دەستگیر بکات کە بەرپرسە لە بەقاچاخبردنی تیرۆریستان لەنێوان ژمارەیەك وڵاتی جیهان بۆ داعش".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەم ئۆپەراسیۆنە درێژەپێدەری ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتە کە لە ساڵی 2023 لەلایەن دەزگای هەواڵگریی نیشتمانییەوە لە پارێزگای کەرکوك ئەنجامدراوە و یەکێك لەو تێڕانەی کردیتە ئامانج کە سەر بە ڕێکخراوی داعشە و بەرپرسە لە دابینکردنی دارایی شانەکانی".

ئەوەشیخستەتەڕو، "ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنەکە لە ژمارەیەك وڵاتی ڕۆژئاوای ئەفریقا

ئەنجامدراوە دوای چاودێریکردنی جموجۆڵ و هێڵەکانی پەیوەندی نێوان ئەم تۆڕە و تۆڕەکانی دیکەی ناوەوە و دەرەوەی عێراق، بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی پێکهاتەی دارایی داعش و پلاندانان بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی بە ئامانجگرتنی وڵاتانی ئەورووپا و بەرژەوەندییەکانی عێراق لە دەرەوەی وڵات".

دەزگای هەواڵگری نیشتیمانی جەختیشیکردەتەوە لەسەر بەردەوامی بەدواداچون بۆ پاشماوەکانی داعش و پوچەڵکردنەوەی پیلانە خراپەکانی کە بە نائومێدیەوە هەوڵی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق دەدەن".